# دەسەڵاتی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیریی دەسەڵاتی سیاسی

سەلاّحی گەرمیان/ سیدنی
germiyan@hotmail.com



"ڕۆشنبیر و دەسەڵات بەردەوام لە ململانێدان،
هەر ئاشتبونەوەیەک لە نیوانیاندا نەمانی ڕۆشنبیر
ئەگەیەنیت."

مەحمود ئەمین ئەلعالم

بە درێژایی مێژوو، پێشکەوتنی هەر یەکە لە شارستانییە کۆنەکانی میزوپوتامیا، میسری کۆن، چینیەکان، مایا، گریك، رومان، ولاّتی فارس و خیلافەی ئیسلامی، تا ئەگاتە پێشکەوتنی ئەوروپا و ئەمریکا لە سەردەمی نوێدا، تەنیا بە هیز و توانا و ژیری حوکمرانەکان نەچونەتە پێشەوە. شارستانی کارێکی کۆمەلاّیەتی و کولتوری بەکۆمەڵە. هەموو تاکەکەسەکانی ناو کۆمەڵ بەشداری لە داڕشتن و بەهێزکردنی ئەکەن. هەر لە سەرتای شارستانیەتەوە، ڕوناکبیرانی ناوکۆمەڵ لە فەیلەسوف، زانا، شاعیر، ئەدیب و هونەرمەندەکان ڕۆڵی بنەڕەتی و بەرچاویان بینیوە، کە بە هۆش وبیری ئەوان بنەمای ژیان ویاسا و بەها کۆمەلاّیەتیەکان دانراون. لێرەوە ئەکرێت بچینە سەر باس لە سەر ڕۆشنبیری. دیارە کە لە چوارچێوەی نوسینێك یان وتارێکدا ناکرێت بەچڕ وپڕی باس لە هەموو لایەنەکانی بابەتێکی وا بکرێت، چونکە باسکردن لە چەمکی ڕۆشنبیری پێویست ئەکات بە شێوەیەکی هەمەلایەنە و لە ڕوانگەی جیاجیاوە قسەوباسی زۆری لەسەر بکرێت، چ وەك پێناسەی ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیری، یان تێروانین بۆیان لە کلاّورۆژنەی میژوویی و فەلسەفی و سۆسیۆلوجی و سایکۆلۆجیەوە. زۆر لە فەیلەسوف، زانا، بیرمەند و شارەزایانی بوارە جیاجیاکانی زانستە مروییەکان، لەسەر چەمکی ڕۆشنبیری دواوون و لێکۆلینەوەیان لەسەری کردوە، وەك ئەرستۆ، مارکس، لینین، سارتەر، گرامشی، ئیدوارد سەعید، مەحمود ئەمین ئەلعالم و دەیان وبگرە سەدانی تر. هەر لە سەرتای دروستبونی شارستانییەوە و پەیدابوونی دەسەلاّت و بەهێزبونی حاکمەیتی ئیمپراتۆرەکان، بەبەردەوامی ململانی بونی هەبوە لەنێوان دەسەلاّت و ڕوناکبیرانی ناو کۆمەڵدا. لە هەر سەردەمێکیشدا لە نیوان زانایان و ڕوناکبیراندا چەندینان دژ بە دەسەلاّت ڕاوەستاون و نەیار بونە لەگەڵ سیاسەتەکانی ئمپراتۆر، خەلیفە، سوڵتانەکان وسەرکردەکانی سەردەمی خۆیاندا و بەبەردەوامیش ڕووبەڕوی چەرمەسەری و ڕاونان وئەشکە نجەو کوشتن بونەتەوە.

## ڕۆشنبیر و چەمکی ڕۆشنبیری

ڕۆشنبیر بەو کەسە ئەوترێت کە دونیای زانین بە گشتی ئەکات بە گۆڕەپانی خۆی ئەزانێت، نەك لایەنێکی زانین بە تەنیا بگرێت، بەڵکو خۆی ئەدات لە گشت لایەنەکانی هونەر، ئەدەب، مێژوو، فەلسەفە و سیاسەت. نەك تەنیا بە تێگەیشتن لە زانستە تیۆریەکان ئەوەستێتەوە بەڵکو باس و تێروانینی هەیە لەسەر لایەنە جوراوجۆرەکانی ژیان و درك بە کێشە چارەنوس سازەکان ئەکات و پەنا ئەباتە بەر عەقل و هۆش، ئازادیش بەلایەوە مەسەلەیەکی سەرەکییە. ئیدوارد سەعید لە کتێبی (وێنەکانی ڕۆشنبیر) ئەڵێت: " ئەو ڕۆشنبیرەی کە ئەڵێت گوایە بۆ خۆی ئەنوسێت و بەس، یان لە پێناوی زانین و زانستە تیۆرییەکان بە تەنیا، ناکرێت جێی باوەڕ پێکردن بێت" چونکە ڕۆشنبیری ئەبێت بۆ کۆمەڵ بە گشتی بێت، تا ئەوەی بۆ بواری تایبەتی ڕۆشنبیری بێت. لەم ڕوانگەیەشەوە، ڕۆشنبیر ئەو مرۆڤەیە کە ئەتوانێت بازنەی خودی خۆی جێبهێڵێت تا خۆی لە ناو کۆمەڵی پانوبەرین ئەبینێتەوە و کێشە و گرفتەکانی خەڵکیتر ئەبێت بە بەشێك لە خەمەکانی. ڕۆشنبیریی ڕاستەقینە بە خوێندەواری و وەدستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی نیە، چەندین خاوەن بڕوانامە و ئەزمون لە بوارە جیاجیاکاندا، هیچ گوڕانکارییەك بەسەر ئاستی بیرکردنەوەیاندا نەهاتووە و گیرۆدەی بیری ژەنگکرتوو و نازانسیانەی کۆن و خورافاتن و لە پێناو بەرژەوندی خۆیاندا بونەتە داردەستی دەسەڵات و چاوساغی دەزگا بەناوە ڕۆشنبیرییەکان و ڕاگەیاندی حیزبەکان و بگرە دەزگا سەرکوتکەرەکانیشیان. ڕۆشنبیری ڕاستەقینە هەردەم چاوی لە بەرەو پێشچونە و تەنیا دیاردە و ڕوداوەکانی ژیان شی ناکاتەوە، بەڵکو لەهەوڵی گۆڕانکارییە و لەگەڵ ڕەوڕەوی پێشکەوتندایە. بۆ ئەو مەبەستەش هۆشیارکردنەوەی خەڵك و دەسنیشانکردنی دیاردە ناهەموار و خاڵە لاوازەکان بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆی ئەزانێت. کارل مارکس لەم ڕووەوە لە خوێندنەوەیەکی بەناوبانگدا ئەڵێت: "فەیلەسوفەکان کاتی خۆیان بە فیڕۆ دا لە تەفسیری جیهان لە کاتێکدا ئەرکی ئەوان گۆڕینی جیهانە."

## دەسەڵاتی ڕۆشنبیری و دەسکەلاکانی دەستی دەسەڵاتی سیاسی

مرۆڤی ڕۆشنبیر لە ناو سێ گۆشەیەکدا بەندە هەر سێ لاکەی کاریگەری ئەخاتە سەری. لایەکیان دەسەڵات و یاساکانێتی، کە ئازادی بەند ئەکات و سنور بۆ بیرکردنەوە وهرز دائەنێت، لایەکی تری سەرهەڵدانەوەی بنەما دواکەوتوەکانی ئایینە کە بەربەستە لەبەردەم ئازادی بیر و داهێنان و ڕوبەڕووی ڕۆشنبیران ئەبیتەوە بە توندوتیژی و تۆقاندن. لای سێیەمی سێ گۆشەکەش دواکەوتنە لە بوارەکانی بیرو هۆشیاری و کۆمەلایەتییەوە. هەریەك لە دوو لای سێگۆشەکە پەیوەندی بتەوەی هەیە بەلای سەرەکی یەکەم کە دەسەڵاتە.

بۆ پێناسەی هەر شێوە دەسەڵاتێك پێویست بە تێروانین ئەکات بەو سیاسەتانەی کە دەسەڵات پەیڕەوی ئەکات بەرانبەر بە کۆمەڵانی خەڵك کە ناسنامەی دەسەڵات دیاری ئەکات. کاتێك بەرژەوەندی دەسەڵات ئەکەوێتە مەترسییەوە پەردە لەسەر ڕاستیە شاراوەکانی خۆی هەڵئەماڵیت و ناسنامەکەی زەق دەرئەکەوێت. سیاسەتیش بواری ئەو بیرو کردەوانەیە کە دەسەڵات دێنێتە کایەوە. کە سیاسەت ڕەنگدانەوەی هەڵویست و بۆچونێك ئەبێت دور لە ویژدان و هۆشیاری و بنەما ئەخلاقییەکانەوە و هیچ بایەخێك بە بەها و بنەماکانی خەڵك و بەرژەوندییە گشتیەکانی نادات، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە شەرعییەتی دەسەڵات بکەوێتە ژێر پرسیارەوە و لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بێمتمانەیی بە دەسەڵات بێتە ئاراوە. لەم حاڵەتەدا دەسەڵات لە هەوڵی ئەوەدا ئەبێت تا بۆی بلوێت پەنا بباتە بەر بیانو و فریودان و چەواشەکردنی خەڵك. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا ئەباتە بەر لایەنی ڕۆشنبیری و کڕینی ڕۆشنبیرانی کلاسیك بۆ ڕەواج بونی کالاَ ڕۆشنبیرەکانی خۆی لە ڕێگای ئەوانەوە.

دەسەڵات بۆئەوەی بناغەی خۆی بەهێز کات، نەك تەنیا پێویستی بە دەزگای سەرکوتکردن هەیە بەڵکو پێویستی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیکری هەیە تا پاڵپشتی بێت. هەروەها بە ڕۆشنبیریش تا سیاسەتەکانی جێگیر بکات و لەلایەن خەڵکەوە جێی متمانە بن و قەبول بکرێن. بۆ ئەم مەبەستەش زۆر لە دەسەڵاتە سیاسییەکان بۆ لە قاڵبدانی مێشکی خەڵك پەنا ئەبەنە بەر ئایین وپیاوانی ئایین لە ڕوبڕوبوونەودا لە گەڵ ڕۆشنبیراندا بۆ ئەوەی ووشەی "نا" کە ڕۆشنبیر وەکو ئەرکێك پێویستە فێری خەڵکی بکات، لە بەین ببات و موقەدەساتە ئاینییەکان بسەپێنێت لەناو کۆمەڵدا، بۆ دانانی بەربەست لە ڕێی گۆڕانکاری. ئەوەش بە بێ هیچ گومانێك سەرکوتکردنی و نامۆیی ڕۆشنبیرانی بەدواوەیە.

لە کوردستانیشدا دەسەڵات توانیوەیەتی زۆر لەو سیاسەتانە بەرجەستە بکات. هەروەها ویژدانی زۆر لە ڕۆشنبیران بکرێت و ماڵی یان بکات، ئەکرێت کە ئەوانە ناوی ڕۆشنبیری دەسەڵات یان بنەماڵە بخرێتە پاڵیان. زۆرێك لەو ڕۆشنبیرانە یان بێدەنگیان هەڵبژاردوە، یان بێلایەنی و هەڵویستی نێگەتیڤیان نواندوە لە هەمبەر سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵات و ماڵویرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، یان زۆر بێشەرمانە خۆیان تەرخانکردوە بۆ پێشکەشکردنی هەموو جۆرێکی پاڵپشتی و هاوئاهەنگی لەگەڵ دامودەزگاکانی دەسەڵات و بە بیانو هێنانەوە بۆ سیاسەتە ناڕەواکانی بە بێ گوێدان بە بەرژەوەندی گشتی خەڵك، تەنیا وەك کارمەندی ملکەچ بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی تاکەکەسی خۆیان، یان پلەو پایە وەرگرتن لە ناو ڕیزەکانی دەسەڵاتدا.

ڕۆشنبیری سەربەدەسەڵات تەنیا ئەو کەسە نیە کە پلەوپایەی بەرز ئەگرێتە دەست لە دامودەزگاکانی دەسەڵات، بەڵکو ئەوانەشن کە مشەخۆری ڕۆشنبیریین، هەرچەندە ئەو دەسەڵاتە زاڵ و داپلۆسینەریش بێت، لە دەرەوەی دەسەڵاتەوە هەوڵی ئەوە ئەدەن ڕووی ناشرینی دەەسەڵات بشارنەوە و بە پێچەوانەی ڕاستییەکان بیخەنە ڕوو بە هەر چی هۆیەکەوە بێت. زۆرن ئەو ڕۆشنبیرانە کە ڕەخنە ئاڕاستەی دەسەڵات ئەکەن و بەلاَم کە

بانگ ئەکرێن لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆ سەر خوانێك یان بۆ دەزگاکانی میدیا، دەستبەجی هەڵویست ئەگۆڕن و پشێپشی بۆ دەسەڵات ئەکەن.

## ڕۆشنبیریی ڕاستەقینە و ئەرکی ڕۆشنبیری بە هەڵویست

گۆڕانکاری لە پێناو چارەسەرکردنی باری ناهەمواری واقیعی ژیانی خەڵك پێویستی بە داهینان هەیە، ئەو داهێنانەش کاری ڕۆشنبیرییە. هەر بۆیەش لەچوارچێوەی ئەو جورە کارە، پێویستە هۆشیاری وئیرادەی مرۆڤ چ وەك کۆمەڵ یان تاکەکەس ڕۆڵی هەبێت لەو گۆڕانکاریەدا. ڕۆشنبیریی بەواتای ویژدانێکی زیندو و عەقلێکی کراوەیە، بۆیە کاتێك کە ویژدانی ڕۆشنبیرێك دەمرێت و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا لە خزمەتی دەسەلاتدا کاردەکات، ملکەچی دەسەڵات ئەبێت، قەبوڵێتی دەرۆیشی بۆ دەسەڵات بکات و بە شێوەیەکی کوێرانە پەیڕەوی سیاسەتەکانی دەسەڵات بکات بە هەرچی بیانویەکەوە بێت، ئەوا تەنیا کۆتایهێنان بە ڕۆڵی پیرۆزی ڕوشنبیری خۆی دینێت و ئەچێتە ڕیزی ئەو مێگەلەی کە دەسەڵات ئەیەوێت بیدات لەبەر، ئەوە ناگەیەنێت کە خودی ڕۆشنبیریی ملکەچی دەسەڵات بوە و کوتایی خۆی ڕائەگەیەنێت.

"ناتوانم خەڵات یان پێزانینی دەسەڵاتێک قەبول بکەم کە ڕوسیای بەرەو کارەسات بردوە" بەم ووشانە نووسەری بەناوبانگی ڕوسیا "سولجینتسین" ڕاشکاوانە، بەرزترین خەلاتی "بۆریس یلتسین"ی سەرۆکی پێشووی ڕوسیای ڕەتکردەوە. ڕۆماننوسی پایەبەرزی میسر "سەنعەللا ئیبراهیم" کە بەرهەڵستی خۆی بەرەوڕوی دەسەڵات پێشان ئەدات تەنانەت لە کاتی ڕێزلێنان و خەلاتکردنی، لەبەردەم مایکروفون وکامیرای تەلەفزیونەکان و پەیامنێری میدیاکاندا، بەرزترین خەلاتی دەوڵت (بەهاکەیی 100 هەزار جونەیهی میسرییە) ڕەتئەکاتەوە و چاونەترسانە ڕوبەڕوی دەسەڵات ئەبێتەوەو بۆ نارەزایەتی نواندن لە سیاسەتەکانی دەسەڵات. ئەوانن بوونی ڕۆشنبیری خاوەن فیکر و ئەخلاقێکی بەرز ئەسەلمێنن وەك نوێنەرێکی ڕۆشنبیری بە هەڵویست و ڕەوشت و نمونەی بەرزی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە.

مخابن لە کوردستانیش پێچەوانەی ئەو نمونەیە بەدی ئەکرێت، کە ئەبینین زۆر لە ڕۆشنبیران بە هەڵەداوان بەرەو دەسەلات هەنگاو ئەنێن و شانازی بە خەلاتی دەسەڵاتەوە ئەکەن کە خەلاتێکە تەنیا مەبەستی سیاسی بە دواوەیە، یان بۆ پلەو پایە و خۆشکردنی گوزەرانی ژیانیان ڕۆڵی چەواشەکارییان پیَ ئەسپێردرێت. بە دروشم و پرۆژەی سەیروسەمەرە و لە ژێر ناوی خزمەتی ڕۆشنبیری و مافی ئافرەتان و کۆمەڵگای مەدەنی کە تەنیا بە مەبەستی ڕوسورکردنی دەسەلات و فریودانی کۆمەلانی خەڵك دائەڕێژرێت. نمونەیەکی تری زیندوی ڕۆشنبیرانی دەسەلات لە کوردستاندا کە بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی حاڵەتێکی سایکۆلۆجییە و شیزۆفرینیایەکی هوشیاریی دەرئەخات کە زۆر لەو ڕۆشنبیرانە دوچاری بوون، ئەندامانی کومیتەی بەرەو ریفراندۆمی کوردستان

بوون کە خۆیان وەکو کەرەستە خستە بەردەستی دەسەڵات تا ئەو جێیەی ئەجندەی حیزبە سیاسیە دەسەڵاتدارەکان بەجێبهێنن بە دروشمی "هەقمانە نیگەران" بێن هاتنە مەیدان و بۆ ماوەیەك سیناریۆیەکیان گێڕرا و خەڵکیان چەواشەکرد و پاشان کشانەوە و نقەیان لەخۆ چنی و چیتر نیگەرانییان نەما.

## پەیوەندی نیوان هەردوو دەسەلاَت ( ڕۆشنبیری و سیاسی)

ئەرکی سەرەکی مرۆڤی ڕۆشنبیری خاوەن ویژدان و بەها ئەخلاقییەکان، پەردەهەڵماڵینە لەسەر دیاردە ناهەموارەکان و کارە دزێو و سیاسەتە چەوت وناڕەواکانی دەسەلاَتی سیاسی بەوەش دەسەلاَتی ڕۆشنبیری ئەسەپێنن. دەسەلاَتی سیاسییش لە هەوڵی ئەوەدایە کە مرۆڤی ڕۆشنبیر بکات بە کرێگرتەی خۆی و ئەرکی شاردنەوەی ڕاستیەکانی پێ بسپێرێت و تا لایەنە ڕەشەکانی دەسەلاَت بکاتە سپی و بیگەیەنێت بە گوێ و بەرچاوی خەڵکدا، تا وای لێدێت ئەچێتە ناو دونیای خەون و خەیاڵ بەدوای تەخت وپلە وپایە و گیرفان بڕکردندا. ئەو هەڵویستەش هۆیەکی سەرەکییە بۆ هێنانە کایەی واقیعێکی سیاسی شێواو و داپۆشراو بە کۆمەڵی دروشمی زەق و بریقەدار. ئەو ڕۆشنبیرانە لەگەڵ هەڵوێست گۆرینیان و گۆڕینەوەی سەنگەر لە دەسەلاَتی ڕۆشنبیرەوە بۆ سەنگەری ڕۆشنبیریی دەسەلاَت، بانگی ڕوخانی خۆیان هەڵئەدەن.

ڕۆشنبیری ڕاستەقینە ئەبێت سەربەخۆ بێت لە دەسەلاَتی سیاسی وئەگەر پێویستیشی کرد و بواری هەبو لە ناو دەزگاکانی دەسەلاَتیش کار بکات، ئەبێت ڕۆڵی بەرهەڵستکار ببینێت و هەر نەبێت لانیکەم خۆی نەدۆڕێنێت و هەڵسوکەوتی ئەخلاقی و فیکری خۆی لەدەست نەدات. ڕۆشنبیری ڕاستەقینە دیدوبۆچونی جیاوازی هەیە لەگەڵ دەسەلاَتدا، دەسەلاَت بەپێی بارودۆخ و کات و ڕوانگەی سیاسی خۆییەوە ئەڕوانێتە کێشەکان بەگشتی، دیدوبۆچونی ڕۆشنبیریش ئەڕوانێتە کێشەکان بە بەرچاوگرتنی دوارۆژی بوارەکانی ژیان خەڵك. لەم ڕوانگەیەوە ڕوناکبیری پایەبەرزی میسری مەحمود ئەمین ئەلعالم ئەڵێت: "پێویستە دەسەلاَتی ڕۆشنبیری جیاکەینەوە لە ڕۆشنبیریی دەسەلاَت"، لە یەکەمیاندا ڕۆشنبیر خۆی هەوڵی سەپاندنی ئەدات و لە ئەوی تریاندا ئەو ڕۆشنبیرانەی کە دیدوبۆچوونی دەسەلاَت ئەخەنە ڕوو، خۆیان لەناو دەسەلاَت ئەبیننەوە چ بە باوەڕکردن بێت بە دەسەلاَت، یانیش وەك کارێکی هەلپەرستانە بۆ بەرژەوندی تایبەتی خۆیان.

هەموو ڕۆشنبیرێك ئەکرێت سیاسی بێت بەلاَم هەموو سیاسییەك ڕۆشنبیر نیە، چونکە ڕۆشنبیر خاوەن بیر و هۆشیارییەکی پێشکەوتووە و ئامانجیشی ئازادی عەقل و دروستبوونی دیالۆگ و کارتیکردنی داینامیکیە لەسەر کۆمەڵ و کێشەکانی ژیانیان. ئەوەش لەخۆیدا جۆرێکە لە سیاسەت بەلاَم ئەو جۆرە سیاسەتە لە بەرژەوەندی خاوەن دەسەلاَتەکاندا نیە، هەر بۆیەش ئەو ڕۆشنبیرەی کە ویژدان ئەخاتە پێش چاوی خۆی، لە

لایەن دەسەڵاتەوە ئەخرێتە پەراوێزەوە و ئەگەر گیانی نەبێتە قوربانی ئەوا توشی نەهامەتی و دەربەدەری و ئاوارەیی ئەبێت. ئەو حاڵەتەش مرۆڤی ڕۆشنبیر تووشی نامۆیی و پێکدادای دەرونی و دڵەڕاوکی ئەکات.

## ئیستای کوردستان و ئەرکی ڕۆشنبیری کورد

لەم هەموو کاتێکدا و بەتایبەت لەم قۆناغەی ئیستای کوردستاندا، پێویستە سەرجەم ڕۆشنبیرانی کورد لە هەوڵدانی ئەوەدا بن کە پەیامێکی ڕۆشنبیری سەرتاسەری بە شێوەیەکی مۆدێرنانە دارێژن و پەیڕەوی بکەن و هەر جۆرە پەیامێکی تەسکی فیرقەیی کە خواستی گشتی وەلاوە ئەنێت ڕەتکەنەوە. بەواتایەکی تر پەیامێکی ڕۆشنبیری پێویست کە جێگای پەیامی لایەنە سیاسیەکانی ناو کۆمەڵ بگرێتەوە. پێویستە ڕۆشنبیران خوازیاری ئەوەبن کە ڕۆشنبیری لە سەروی سیاسەتەوە بێت، ئەگەر نا ئەوا سیاسەت لە هەوڵی دەست بەسەراگرتنی هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیریدا بەردوام ئەبێت و ڕۆشنبیریش پۆکەل ئەکاتەوە وپەیامی سیاسیش وەك ئێستا باوە، هەر وا ئەمێنیتەوە لەناو کۆمەڵدا. هەر وەك چۆن خاوەن دەسەلات پێویستی بە چەك هەیە بۆ بەگژاچونەوە و سەرکوتکردنی نەیارانی بۆپاراستنی دەسەلاتەکەی، زیاتر پێویستی بە چەکی ڕۆشنبیری هەیە. چونکە لە کاتێکدا چەك وتەقەمەنی لە چوارچێوە و سنوری دیاریکراودا بەکار ئەهێنرێت، چەکی ڕۆشنبیری مەودای بێسنوری هەیە و بگرە سنوری وڵاتانیش ئەبەزێنێت.
ئەرکی ڕۆشنبیرانە هاوکات لە کەڵ ڕوانین بۆ باری ئێستای ئەمرۆماندا بە خوێندنەوەیکی مۆدێرنانە، ئاوڕدەنەوە لە ڕابوردوو ولە هەمان کاتیشدا چاوبڕنە داهاتوو و لە هەوڵی دروستبوونی دواڕۆژێکی ڕووندا بن، بە دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و گۆشار خستنە سەر لایەنە دەسەلاتدارەکان، چ لایەنی سیاسی یان نەریتە ئاینی و کۆمەلایەتیەکانی ناو کۆمەڵ بێت ، کە لە بارو دۆخی ئێستای کوردستان و ناوچەکەدا، لە مامەڵەی سیاسی و تاکتیکیاندا ناڕۆشنیەك بەدی ئەکرێت. هەروەها لە پێناو ڕەخساندنی فەزایەکی فراوان بۆ داهێنانی ژیانێکی نوێ کە تیایدا مرۆڤی کورد حەزو خواستەکانی بەدی بێنێت دور لە زاڵبوونی بەرژەوەندی لایەنە سیاسییەکان.

## دوا ووشە

پێویستە ئەوە بوترێت، مەبەست لە ڕۆشنبیری وەك پێوەرێکی ئەخلاقی، گەیشتنە بە ئامانجی بەرزبوونەوەی بیر و هۆشیاری بەرەو ئاستێکی بەرز و چاندنی لەناخی مرۆڤدا تا گەیشتن بە بارودۆخێکی نوێی پێشکەوتوو. سەرباری کێشە سیاسییە هەڵواسراوەکان، دیاردەی گەندەڵی و پێشێلکردنی ئازادی بیروڕا کە ئێستا وەك دوو دیاردە ترسناك تەشەنەی کردوە لە سایەی دەسەلاتی حیزبە سیاسییەکاندا لە کوردستان و کاردانەوەی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلانی خەڵکدا دیارە، ڕۆشنبیران بەرەو ڕووی بەرپرسیارێتی مێژوویی ئەکاتەوە کە

**ناچاری هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو بەریەدا ئەکات، یان ئەوتا بچنە بەرەی دەسەڵاتەوە ویانیش لەبەرەی داکۆکی لە گەل و مافەکانیان، خۆیان ببیننەوە ودژ بە دەسەڵات و گەندڵی بەرپرسەکانی بوەستنەوە و داکۆکی لە بیرورای ئازاد و مافە مەدەنییەکان و سەروەری یاسا و عەدالەتی کۆمەلآیەتی بکەن بە هەموو هیزو و تونایانەوە. ئەو کارانەش گومان هەڵناگرێت کە پێویستی بە پرۆسەی بونیادنان هەیە لە بیر و هەڵسوکوتدا لەسەر بناغەی هۆشیاری و بەرپرسیاریەتی لە پێناو بونیادنانی کۆمەڵێکی بەهێز، بە توانای فیکر و عقل و بەها ئەخلاقییەکان کە هیچیان کەمتر نین لە پێشکەوتنی ئابوری و تەکنەلوجی و بگرە مەرجی سەرەکین بۆ پێشکەوتنی هەموو بوارەکان ژیان. رۆشنبیران ئەبێت رۆڵی خۆیان بە چاودێریکردنی کردەوە و هەڵسوکەوتی بەرپرسیاران و گوشارخستنە سەر دەسەڵات لە پێناو دابینکردن ورەخساندنی فەزای دیموکراسی، زمانی دیالۆگ، قەبوڵکردنی راوبۆچونی بەرامبەر، رێزگرتن لە ئازادی بیرورا و بایەخدان بە رۆشنبیریی و رۆشنبیران، لە بری زاڵبونی سیاسەت و بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵە لە ناو کۆمەڵدا. کاتێك دەسەڵات ئەو بوارانە ئەرەخسێنێت و رۆلی رۆشنبیران بەرز ئەنرخێنێت، ئەکریت پردێك لە نیوان رۆشنبیری و دەسەڵاتی سیاسی دروستبکرێت و هەردوو لا وەك تەواوکەری یەکتری، هاوشانی یەکتر کار بکەن لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵدا.**

2006/2/23